ساڵێك بەسەر "ریفۆرم" دا

لەنێوان ریفۆرم و شۆڕشدا

خەبات عەبدوڵڵا

ساڵێك لەمەوبەر سێ ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەپشتیوانی پێنج ئەندامی تری مەکتەبی سیاسی، چەندین ئەندامی سەرکردایەتی، سەدان کادری ناوەوە و دەرەوەی وڵات، بە مەبەستی "بنەبڕکردنی گەندەڵی و سازدانی ریفۆرم" یاداشتنامەیەکیان ئاڕاستەی سکرتێری گشتی کرد.

لەپاش جیابوونەوەکەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی پێشوو، دەشێت ئەم ڕووداوە بە دووەم ڕووداوی گرنگی مێژووی حیزبیی ئەم بەشەی کوردستان دابنرێت کە تا ئێستا لە میدیاکانەوە کەمترین لێدوانی لەبارەوە کراوە.

ئەم وتارە بەهەمان شێوەی وتاری یەکەمم، زیاتر بە مەبەستی وروژاندنی پرسیار نەك وەڵامدانەوەی پرسیار نووسراوە. دوو هۆ وایان کرد لەم بابەتە بدوێم: یەکەمیان لە بڕوای زۆرمەوە بەوەی کە ریفۆرم (بەگەوهەرە فیکرییەکەیەوە) پرۆسەیەکی تەندروست و مایەی نۆژەن کردنەوەی کۆمەڵگەیە. دووەمیشیان دڵسۆزی و خەمخواردنم بۆ هاوڕێکانی جارانم لەناو یەکێتیدا کە بەویست و بێ ویست بوونە دووبەرەی دژ بەیەك.

* * *

گەندەڵی دیاردەیەکی جیهانییە. سەرەڕای هەموو ئەو فاکتەرە هاوبەشانەی کە گەندەڵی وەکو دیاردەی سەردەم پێ دەناسرێتەوە، لە کوردستان گەندەڵی تایبەتمەندێتی خۆی هەیە. بێ تێگەیشتن لە ڕەگوڕیشە کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و تەنانەت سایکۆلۆژییەکانی گەندەڵی، مەحاڵە بتوانرێت باس لە ریفۆرمێکی ڕیشەیی و جدی لەو دیاردەیە بکرێت.

لەوەدا کە دیکتاتۆری پشت بە زەبرو زەنگ دەبەستێت و ترس و بێدەنگی زاڵ دەکات، بۆیە لەم بارەدا گەندەڵی بەشێکی دانەبڕاوی سیستمە سیاسییەکە دەبێت. ئەگەر کوردەواری لەسایەی بەعسدا بەشێکی ئەو گەندەڵییەی بەنەسیب بووبێت، ئەوا ڕاپەڕین ئەگەرچی کۆتایی بە دیکتاتۆری هێنا، بەڵام لەسایەی تاڵان و بڕۆ و حوکمی میلیشیادا، گەندەڵی بووە سیمای ژیانی کۆمەڵگە. ئێمە لەم قۆناغەدا حیزب دەبینین چۆن دەبێتە دەزگایەکی گەورەی سەرانە وەرگرتن و خۆ دەوڵەمەندکردن، سەرکردە دەبینین چۆن دەبێتە بازرگان، ئێمە شەڕی براکان لە دزێوترین شێوەدا دەبینین لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی پارە.

سەرەڕای ئەو هەناسەی ژیانەی بەرنامەی نەوت بەخۆراکی نەتەوە یەکگرتووەکان کردیەوە بە گەرووی خەڵکدا، بەڵام گەندەڵی لە کوردستاندا و لەژێر سایەی پارە بارینی ئەو پرۆسەیەدا و پاشتریش دوای نەمانی بەعس گەیشتە ترۆپك. لەم قۆناغە بەدواوە کوردەواری بووە گەورەترین کۆمەڵگەی مشەخۆر و مووچە خۆر، بێ بەرهەم و تەمەڵ لە مێژووی ناوچەکەدا.

هەروەکو چۆن گەندەڵی دیاردەیەکی جیهانییە، بەهەمان شێوە ریفۆرمیش. لەوەدا کە ریفۆرم بنەمایەکی فکری هەیە و گۆڕانکاری دەخوڵقێنێت، پێوەندییەکی گەورەی بە کلتورەوە هەیە.

کوردەواری کۆمەڵگەیەکی بێ شەفافیەتە، کلتوری کوردی لەسەر بنچینەی شەرم، شاردنەوەی ڕاستی، درۆکردن، پیاهەڵدانو... هتد بنیات نراوە. لە بەرهەمهێنان و درێژەدان بەم کلتورە، سەرەڕای ئایین، حیزبی کوردی لێپرسراوی گەورەی ئەم کارەساتەیە. حیزبی کوردی بەهەمان شێوەی میکانیزمەکانی ژیانی خۆی، یەك جۆرە ژیان و یەك جۆرە هەڵسوکەوت و یەك جۆرە بیرکردنەوەی بەسەر کۆمەڵگەدا سەپاندووە. لەم فەزای سڕینەوە و نەفیکردنی جیاوازیانەدا ناکرێت چاوەڕێی کۆمەڵگە و کلتورێکی شەفاف بین کە ریفۆرم وا بەئاسانی ببێتە بەشێك لە پرۆسەی نوێبوونەوەو بەرەو پێشچوونی.

گرامشی دەڵێت حیزب لەسەردەمی شۆڕشدا ڕۆڵی دەوڵەت وازی دەکات. بەو پێیەی ئێمە دەوڵەتمان نییە و (حکومەتی حیزب) مان هەیە، بۆیە حیزب بۆ خۆی دەوڵەتە. لەبەرئەوەی لێرە حکومەت هی حیزبە، بۆیە گەندەڵ بوونی حیزب، گەندەڵ بوونی حکومەتیشە.

ئێمە ئێستا شاهیدی خیانەتی (حیزب) ین لە بەرنامە نووسراوەکانی خۆی. ئەوەی چاوێك بەو بەرنامەی چارەسەر و پێشکەوتنە کۆمەڵایەتیانەدا بخشێنێتەوە کە یەکێتی و پێشتریش کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی خۆیاندا بڕیاریان لەسەر داوە و هەزاران کەس بۆی سەرگەردان و ماڵوێران بوون، دەبینێت ئەندام و کادر لە چ درۆیەکی گەورە و ناشیریندا دەژین.

ئێمە ئێستا شاهیدی سەربڕینی بەها ئینسانی و شۆڕشگێڕەکانین. گرنگ ئەوەنییە سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕ بەکرێگیراوی بەعس بووبێت، کارەسات لە نغرۆبوونی ئەو شکۆ و بەهایانەدایە کە ئیتر هێندەی تاڵە موویەکیش سنوور لەنێوان شۆڕش و خیانەت، شۆڕشگێڕ و خائین، پاك و ناپاك، جوان و دزێودا ناهێڵێتەوە. ئێمە دەبێت ئیتر گۆرانی هەر بۆ ڕابردوومان بڵێین، چونکە ئێمە حاڵی حازر کار لەسەر بێ بەهاکردنی (ئێستا) مان دەکەین، هەر کۆمەڵگەیەکیش نەتوانێت نرخ بداتە ئێستای خۆی، ئەوا کارەساتی گەورە لە چاوەڕوانیدا دەبن.

* * *

لێرەوەیە کە باس لە ریفۆرم دەکرێت ستاتۆی ریفۆرمیستە حیزبییەکان و ئەو میتۆدەی کاری پێ دەکەن، لێپێچینەوەی لێمان دەوێت.

ئەوە قسەی پێناوێت ئەو هەشت ئەندامەی مەکتەبی سیاسی، نوخبەی سەرکردە تێکۆشەرەکانی ناو سەرکردایەتی یەکێتین، بەڵام ئەمە بەهیچ شێوەیەك بەو مانایە نایەت کە ئەو هەشت بەڕێزە هەر هەموویان ئەهلی "ریفۆرم" بن. ئاخر ناکرێت باس لە گەندەڵی بکەین و چاو لەڕابردووی گومانلێکراوانەی هەندێك بپۆشین. ناکرێت باس لە گۆڕانکاری بکەین و کەچی باوەڕمان بە فرەژنی، داوێن پیسی و دەست پیسی هەبێت. ناکرێت باس لە ئایندە بکەین و کەچی شەڕ بە کۆنەقین بکەین. چۆن دەبێت تانە لە (پیربوون) بدەین و کەچی لاوان لە پەراوێزدا بن.

بێ ڕێبەرایەتی کردنی ریفۆرم لەلایەن نەوشیروان مستەفا و کۆسرەت ڕەسوڵەوە، مەحاڵ بوو ریفۆرم ببێتە هێزێکی فشار".

هەوڵی نەوشیروان مستەفا بۆ دانانی سنورێك بۆ دەسەڵاتەکانی سکرتێری گشتی، ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ ساتەکانی پاش ڕاپەڕین و بەستنی یەکەمین کۆنگرەی یەکێتی. هەوڵەکانی ئەو لەو سەردەمەدا لەبەر زۆر هۆ کە هی ئەم باسە نین، شکستیان هێنا.

ئەوە ئاشکرایە لە پارساڵەوە دەسەڵاتەکانی سکرتێری گشتی بەشێوەیەکی بەرچاو سنووردار کران و بەرامبەر بەمەش دەسەڵاتەکانی مەکتەبی سیاسی بەتایبەتیش بەرەی "ریفۆرم" چەند ئەوەندە زیادیان کرد. مەکتەبی سیاسی جگە لەوەی لە دانانی ئەندامانی پەرلەمانی عێراق، پەرلەمانی کوردستان، پارێزگار و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا بەتەنیا خۆی بڕیاردەر بوو، توانی ڕۆڵی سەرەکی لە هاوپەیمانێتی نێوان یەکێتی و پارتی، تارادەیەك هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، داڕشتنی دەستوور و زۆر مەسەلەی تردا بگێڕێت.

بەڵام لە دەرەوەی سنووردانان بۆ دەسەڵاتەکانی سکرتێری گشتی و دابەشکردنەوەی دەسەڵات بەشێوەیەکی تر، ئیتر هیچ کەسێکی عاقڵ ناتوانێت گەرەنتی ئەوە بدات کە لەماوەی یەك ساڵی ڕابردوودا، هێندەی تۆزقاڵێکیش گەندەڵی لە حکومەت و تەنانەت لەناو خودی یەکێتیشدا بەرەو کەمبوونەوە چووبێت.

کە باس لە ریفۆرم دەکرێت، دەبێت بێ سێ و دوو بۆ ئەو میتۆد و گەوهەرە فکرییە بگەڕێین کە لەپشتی پرۆسەی گۆڕانکارییەکەوە وەستاوە و کار دەکات، ریفۆرم هەر بەتەنیا لابەلاکردنەوەی دەسەڵات نیە، چونکە ئەوەیان دەچێتە خانەی کردەی شۆڕشگێڕانەوە. شۆڕش لەوەدا لە ریفۆرم جیادەبێتەوە کە سیستمێك ژێرەو ژوور دەکات، بەڵام ریفۆرم کار لەناو هەمان سیستمدا دەکات و هەوڵی لەناوبردنی نادات. شۆڕش کێشەی دەسەڵات یەکلایی دەکاتەوە، بەڵام ریفۆرم بەدەسەڵات گرتنە دەست کۆتایی نایەت.

حیزبی کوردی لە شۆڕش و لە ئیدارەشدا کارگەیەکی گەورەی داهێنانی ڕق و یەکدی قبوڵ نەکردن و تۆڵە سەندنەوە و سڕینەوەی بەرامبەر بووە. شەڕی ناوخۆ لە بەشێکی زۆریدا ئەنجامی ئەو کولتورە دڵڕەقەیە. بەرەی "ریفۆرم" دەبوا پێش هەر شتێك سیاسەتی بەخۆدا چوونەوەی پێڕەو بکردایە و لەو ڕێیەوە ڕەمێنی بۆ تۆلێرانس و لێبوردەیی هەر هیچ نەبێت لەناو یەکێتیدا خۆش بکردایە. بەرەی "ریفۆرم" لە هەستی خۆ بەموتڵەق زانینەوە پێی وا بووە هەموو حەقیقەتەکان تەنیا لای خۆیەتی و ئیتر هەر بەو پێیەش دەرگای دیالۆگی لەخۆی داخست و نەیویست گوێ لە ڕای موخالیفانی خۆی بگرێت.

لەو کۆنتێکستەدا و بەو عەقڵیەتە باوە، مل کەچ کردن و گوێڕایەڵی کوێرانە جێگەی ئازادی بیروڕا دەگرێتەوە و هەر لەم سۆنگەیەشەوە پرۆسەکە بەگشتی دەکەوێتە ژێر تەمومژێکی گەورەوە. لەخۆرانییە و ڕاستیەکەی مایەی تێڕامانێکی زۆرە کە جگە لە هێندێك وتاری شەرمنانە و گشتگیر و مۆبیلیزەکردنی تەکەتولێك بۆخۆی، ئیتر بەرەی "ریفۆرم" هیچ بەرنامەیەکی ئاشکرای بۆ ریشەکێشکردنی گەندەڵی نەبووەو نییە.

* * *

لەو سۆنگەیەی هەموو حیزبێك بۆ خۆی تەکەتولێکی گەورەیە، بۆیە ناکرێت هەمیشە تەکەتول بە نێگەتیڤ دابنێین. ڕاستیەکەی ئەو سەردەمە بەسەرچوو کە حیزب هەر بەتەنیا (یەکێتیەکی توندو تۆڵی بیرو کار) ی ئەندامەکانی بێت. تەکەتول کردن لەناو پەرلەمان و لەناو هەمان حیزبدا خەسڵەتی ژیانی سیاسی و حیزبیی خودی خۆرئاوای دیموکراسییە، بەتایبەتیش لە دەمەدەمی کۆنگرە و وەرگرتنی هەڵوێست لە مەسەلە گرنگەکان.

تەکەتول ئەوکاتە مەترسی هەیە کە وردە وردە ڕایەڵەکانی دیالۆگ لەگەڵ باقی حیزبدا بپسێنێت و بە پرەنسیپەکانی شۆڕشو بەشێوازی جیاجیا هەوڵ بۆ بنکۆڵ کردنی حیزب بدات.

تەکەتول لەناو یەکێتیدا مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە. مێژووی یەکێتی مێژووی کیتلە جیاوازەکانە. پاش ڕاپەڕین کە یەکێتی بووە حیزبێکی پانوپۆڕ و یەکگرتوو. کیتلە جیاوازەکان نەك هەر کۆتاییان پێ نەهات، بەڵکو لەسایەی دابەشبوونەوەی دەسەڵات بەسەر چەند قوتبێکی دەسترۆیشتوودا، تەکەتول کردن بووە بەشێك لە سیمای ئەو حیزبە.

تەکەتول لەناو یەکێتیدا پێش ئەوەی گوزارە بووبێت لە مینبەری جیاواز و گوتاری فیکری جیاواز، گوزارەکردن بووە لە حەزی سەرکردە بۆ ململانێ کردن. لەجیاتی هێنانەکایە و گەشەدان بە ڕەهەندە فکرییەکان بەمەبەستی گۆڕانکاری چاکتر، مەبەست لێی تەنیا پارێزگاری کردن و فراوان کردنی دەسەڵاتی سەرکردە بووە.

بەڵام ئاخۆ ئەوە چ تەلیسمێکە هەموو جارێكو دەروێش ئاسا، کادران ڕاپێچی ئەم شەڕە بێ ئامانەی سەرکردەکان دەکات؟

ڕاستیەکەی بێ زانینی ڕۆڵ و ستاتۆی کادر لەناو حیزبدا، ناتوانین لەو نهێنییەی خۆ سوتاندنی کادر تێ بگەین.

هەروەکو چۆن ڕۆڵی تاکە کەس لە کوردەواریدا ڕۆڵێکی پەراوێزە، بەهەمان شێوە لەحیزبیشدا ئەندام و کادر لە پەراوێزدان. کادر لەناو یەکێتیدا خاوەنی کەسایەتی سەربەخۆ نییە و لەچوارچێوەی سیستمێکی سێنترالیزمی لینینیدا کە خەسڵەتی هەموو حیزبەکانی ئێستای کوردستانە بەیەکێتیشەوە، کادر تارادەیەکی زۆر تەنگەتاو کراوە. پێوەندی کادر بە ئۆرگانەکانی حیزبەوە، پێوەندییەکی گوێڕایەڵی کوێرانەیە و پڕیەتی لە ترس و دڵەڕاوکێ و بێدەنگی. کادر هێندەی بە تابۆکان ئاشنا دەکرێت، بە ئازادی ئاشنا ناکرێت. بەو پێیەی یەکێتی هیچ دەمێك لەمێژووی خۆیدا تەعبیر نەبووە لەحیزبێکی یەك جەمسەرو یەکگرتوو و هەمیشە حیزبێکی فرە جەمسەر و فرە کاراکتەر و دەموچاوی جیاجیا بووە کە خۆی لەم سەرکردە یان ئەو سەرکردەی دەسترۆیشتوودا بینیوەتەوە، بۆیە هەروەکو چۆن کادر لەشوێن گرتنی لە دەسەڵاتدا پشت بە ڕەحمەتی ئەم و ئەو دەبەستێت، لە لێدان و (ترۆ) کردنیشدا ئەم و ئەو بڕیاری لەسەر دەدەن.

لەبەرئەوەی پێوەرەکانی حیزب وەکو گەورەترین تەکەتول لەدەستنیشان کردنو نرخاندنی ڕۆڵی کادردا پێوەرێکی چەند فاقییەو پشت بەمیتۆدێکی زانستیو دڵنیاییەکی زۆرتر دەکات لەوەی کە حیزب بۆی دەستەبەر بکات، بەڵام خۆبەستنەوەی کادر بەتەکەتولەوە، تەسلیم کردنی چارەنووسی ئەوە بەچارەنووسی تەکەتولەوە. ئەزموونەکان دەمێکە ئەوەیان سەلماندووە، سەرکردەکان تەکەتول دەکەن، کادران ئیدارەی دەکەن، لەکاتی تێکشکاندا سەرکردە پارێزراو و زۆربەی جار کادر بەتەنیا دەسوتێت.

ئاسایی بوو بەرەی "ریفۆرم" بۆ گەیاندنی دەنگی خۆیان کیتلەیەك پێك بهێنن و مینبەرێکی جیاوازیان هەبێت، بەڵام هەڵەیەکی گەورەیە لە سیاسەتدا بە پرەنسیپی (ڕەشو سپی) کار بکەیت. ئیمزا کۆکردنەوە بە ئەندامان و کادران کارکردن بوو بەو سیاسەت و پرەنسیپە هەڵەیە. ئەوە ڕاستە کە سەرکردایەتی بەرەی "ریفۆرم" نوخبەی تێکۆشەرانی ناو یەکێتین، بەڵام لە دەرەوەی ئەواندا سەرکردەی مەیدانی، میانڕەو، خاوەن بڕوانامەی زانستی و ریفۆرمخواز هەن. هەروەکو چۆن مەرج نییە ئەوانەی ئیمزایان کردووە بۆ پشتگیری کردن لە سازدانی "ریفۆرم" هەموویان ریفۆرمخواز بن، بەهەمان شێوە مەرج نییە ئەوانەی ئامادە نەبوون ئیمزا بکەن یان هەر پرسو ڕایان پێ نەکراوە، دژە ریفۆرم و گەندەڵ بن، ڕاستیەکەی ئەو سیاسەتی بلۆکبەندی (ڕەشو سپی) یە زیانی گەورەی بە پرۆسەکە گەیاند و هەر لەخۆڕا نەیاری زۆری دژ بەخۆی خستە سەنگەرەوە و گەورەترین دابەشبوونی لەناو یەکێتیدا لێکەوتەوە و یەکێتی کردە دوو بەرەی تارادەیەکی زۆر جیاوازو ناکۆك.

* * *

ئەوەی ململانێی ئەمجارە لەوانی پێش خۆی جیادەکاتەوە، نەمانی خەتێکی ناوەڕاستە. دیارنەمان و ونبوونی ئەو خەتە جگە لەو ئەنجامانەی کارکردن بە پرەنسیپی (ڕەش و سپی) هێنیایە کایە، ڕەنگە لە بەشێکیدا بۆئەوە بگەڕێتەوە کە (کیتلەی ناوەڕاست) لەسیاسەتی کوردیدا بەگشتی و لەناو یەکێتیدا بەتایبەتی، ئایندەیەکی گەشی نەبووە. خەتی ناوەڕاست دەستەیەکی بێزراو بووە و ناووناتۆرەی جیاجیای شوێن خراوە و بۆ بەدناوکردنی بە (کەری ناو جۆگە) ناوزەد کراوە. لە ململانێی تەکەتولە جیاجیاکاندا و بەسەرکەوتنی ئەم یان ئەو تەکەتول، یان تەنانەت بە ڕێکەوتنەوەشیان، خەتی ناوەڕاست زیانی گەورەی بەرکەوتووە و پەراوێزکراوە.

بەڵام ئەمە وای نەکردووە ژمارەیەکی پەرشوبڵاوی کادر، ئەوانەی کە ململانێی سەرکردەکان بە شەڕی خۆیان نازانن، حیزب وەکو کیتلە گەورەکە بەماڵی خۆیان نەزانن. ئەوان بەهەمان شێوەی بەرەی "ریفۆرم" ڕەخنەی جدییان لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات هەیە، بەڵام لەوەدا لەوان جیا دەبنەوە کە بۆ پشتگیری داواکانیان پەنا نابەنە بەر دەنگ کۆکردنەوە دژی کەس. پێدەچێت ئەم دەستەیە لە کادران لێپرسراوەتی ئەو گەندەڵییە بەرفراوانە هەر بە هەڵەی تاڵەبانی نەزانن و بەحوکمی کاری حیزبییان ئاگادار بن لەوەی کە چۆن لە پرۆسەیەکی بێ وێنەی بۆگەن بوونی سەرکردەدا، زۆربەی سەرکردە شۆڕشگێڕەکانی جاران، کۆمپانیا لەجیاتی حیزب بووە ماڵی یەکەمیان و سەرچاوەکانی سامانی گەلیان لەنێوان خۆیاندا تەخشان و پەخشان کرد.

لەو ڕوانگەیەی کە کارکردن بە پرەنسیپی (ڕەشو سپی) هیچ بوارێکی بۆ بێلایەنی نەهێشتەوە، ئەندام و کادر بە مەجبوری بەسەر ئەم یان ئەو تەکەتولدا ساغ بوونەوە. هەروەها لەمیانەی جەنگێکی ئاشکرای زۆرکردن و زلکردنی کادراندا، پرۆسەی بەمورتەزەقەکردنی کادر برەوی پەیداکرد. پاکانە پێکردن، چاوڵێ سوورکردنەوە، گیرفان پڕکردن و ... هتد. بوونە بەشێك لە ئەرکی حیزبی. لەم جەنگی ئینتیما دروستکردنەدا سیاسەتی ئیرتیزاق ژمارەیەکی زۆری لە کادر کردە موتەزەقە و لەپێناوی پاراستنی بەرژەوەندی و خۆدەوڵەمەندکردنی خێرادا، کەوتنە بانگەشەکردن بۆ ئەم یان ئەو کیتلە.

یەکێتی حاڵی حازر مۆدێلێکی لە کادری حیزبی و حکومی نەزان و مشەخۆر و ئەلکهولیکەی خستۆتەوە کە مۆدێلێکی زۆر خەمسارد و ترسناکە. لەجیاتی کاری جدی، بەشێکی زۆری ژیانی ڕۆژانەیان لە عارەق خواردنەوە و ڕابواردن و پێکەنین و نوکتەبازی و ورگ هێشتنەوەدا سەرف دەکەن.

هەر لەئەنجامی هەمان سیاسەتی هەڵەوە، تەکەتول بۆ خۆی بووە ئامانج و کارکردن بە میتۆدی (سزا/ پاداشت) ی داهێنا. تەکەتول بوو بەجۆرێك لە ئایین و مەزهەب و سەرکردەکانیش بوونە خوداوەندی خاوەن حەقیقەتی موتڵەق و بێ هەڵەو کەموکوڕی. ئیتر لێرەشەوە مل شکاندن، چاڵ بۆ هەڵکەندن، پڕوپاگەندەکردنی ژەهراوی دژ بەیەك، بوونە بەشێکی گەورەی ئەرکی کادر و تا دێت هیچ لایەك ئیمزای ئەوی دی ناخوێنێتەوە.

ئەم میتۆدە هەڵەیەی تەکەتولچێتی نەك هەر ناو حیزبی دارزان، بەڵکو خۆی کرد بەناو هەموو پانتاییەکانی ژیانی ئیداری و سیاسیی کوردی ئەم دەڤەرەدا و گەندەڵی چەندین جوگرافیای تری بۆگەن کرد کە پێشتر دەستی گەندەڵییان پێ ڕانەگەیشتبوو.

* * *

پرسیارکردن لەئایندەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هیچ دەمێك هێندەی ئێستا پرسیارێکی ئاکتوێل نەبووە. پرسیارکردن لەئایندەی یەکێتی بەدیوێکی تردا پرسیارکردنە لە ئایندەی ئەو پرۆسەیەی کە بەناوی "ریفۆرم" ەوە، ساڵێکە لەبرەودایە.

ئاشکرایە یەکێتی (پێشتریش کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) هەر لەسەرەتای دامەزراندنیانەوە لەناوخۆدا هەڕەشەی جیاجیایان لەسەردەمی جیاجیادا ڕووبەڕوو بۆتەوە و هێز و لایەنی زۆریان لێ جیابۆتەوە. بەڵام ئەوەتەی یەکێتی هەیە هێندەی ئەمجارە لایەنی هەڕەشەکەری ناوخۆی بەهێز و بەتوانا نەبووە. جگە لە ئەندامەکانی مەکتەبی سیاسی، چەندین ئەندامی سەرکردایەتی و سەدان کادر و ئەندام لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات پشتیوانیان بۆ بەرەی "ریفۆرم" پیشان داوە. ڕاستیەکەی هیچ کەسێك ناتوانێت جەزم بکات کە ئاخۆ لەم کێبڕکێیەی یەك ساڵی پێشوودا، کام بەرە حاڵی حازر زۆرینەیە، بەرەی "ریفۆرم" یان بەرەی بەرامبەر. بەڵام ئەوە ئاشکرایە کە بەرەی "ریفۆرم" نوخبەیەکی سەرکردایەتی لەگەڵدایە کە بەهەمان شێوەی بەرەی بەرامبەر، خۆیان بە خاوەنی یەکێتی و سەروەرییەکانی ئەو حیزبە دەزانن. ڕەنگە ئەمەش خاڵێکی جیاکەرەوەی تری ململانێی ناوخۆی ئەمجارە بێت لەوانی پێش خۆی کە هەمیشە بە چوونە دەرەوەی گروپێك کۆتایی بە ململانێکە هاتووە.

بەرەی "ریفۆرم" لە قەوارە و هێز و توانای خۆیان دڵنیان، بۆیە پێناچێت وا بەئاسانی بڵاوەی لێ بکەن. بەڵام ئەڵبەتە ناشکرێت ئەم ململانێیە تاسەر بەم شێوەیە بەردەوام بێت. ئەگەرەکانی لابەلاکردنەوەی ئەو ململانێیە و واوەتریش ئایندەی بەرەی "ریفۆرم" بە چوار شێوە خۆ دەنوێنن:

١. لەدەسەڵات خستن یان گرەو لەسەر تەمەنی تاڵەبانی...

کێشەی دەسەڵات لەناو یەکێتیدا لە ئێستادا و تەنانەت دوای نەمانی دەسەڵاتی تاڵەبانیش، کێشەیەکی گەرم دەبێت. یەکێتی وەکو پارتی نییە، لەناو پارتیدا جگە لەبنەماڵەی بارزانی، کەس نایەوێت و ناوێرێت توخنی دەسەڵات بکەوێت. یەکێتی لەبەرئەوەی لەبنەڕەتدا لەسەر بنچینەی دژایەتی کردنی دەسەڵاتی بنەماڵە گەشەی کرد و دامەزرا، مەحاڵە کەس زاتی ئەوە بکات ڕێگە بۆ دەسەڵاتێکی بنەماڵەیی خۆش بکات(٤) بەبنەماڵەیی کردنی دەسەڵات لەناو یەکێتیدا، کۆتایی ئەو هاوکێشەیەیە کە یەکێتی وەکو ڕکەبەری پارتی پێ ناسراوە.

بەڵام ژیان بۆ پێغەمبەران، فیرعەونەکان، ئیمپراتۆرەکان و پادشاکان تاسەر نەبووە، ڕەنگە هەڵەی گەورەی تاڵەبانی لەوەدا بێت کە هەرگیز نەیویستووە و نەیکردووە خەلیفەیەکی هەبێت، ئەمە هەر کێشەی بەتەنیا یەکێتی نییە، هەموو حیزبەکانی ئێمە هەمان سیستمی خۆرهەڵاتی (سەرکردەی تاك و تەنیا) پێڕەو دەکەن. لەوەدا مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتیش بەشێك لە گوناهی ئەو هەڵەیەیان لەئەستۆدایە کە بەدرێژایی مێژووی یەکێتی، نەبووە جارێك لەسەر ئەو مەسەلەیە پێ دابگرن.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا گرەوکردن لەسەر تەمەنی تاڵەبانی یان هەوڵدان بۆ دەسەڵات خستنی گرەوێکی دۆڕاوە. چونکە کەس ناتوانێت گەرەنتی ئەوە بدات کە بەرەی بەرامبەر وا بەئاسانی بە دەسەڵاتی بەرەی "ریفۆرم" قایل دەبن و یەکێتی ناو یەکێتی دووچاری لێکترازان نایەت. ڕاستیەکەی جێگەی گومانێکی زۆرە هەر لەناو خودی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بەرەی "ریفۆرم" دا، (ناوکۆیی) یەك بۆ لێك تێگەیشتن دەربارەی کێشەی (کەسی یەکەم) لە غیابی تاڵەبانیدا بێ کێشمەکێش یەکلایی بکرێتەوە. چونکە نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت کە تا ساڵێکی کەم لەمەوبەر، خودی ئەوسێ بەڕێزە ئیمزای یاداشتنامەکەیان کرد دژی تاڵەبانی، خۆیان نوێنەری چەند کیتلەیەکی دژ بەیەك بوون.

٢. بەکارهێنانی زەبروزەنگی شۆڕشگێڕانە و بەرپاکردنی کودەتا...

کودەتا پرۆسەیەکی نەشتەرگەرییە، بێ ئومێد بوونە لەچاوەڕوانی و تانە دانە لە ڕەوایەتی دەسەڵات. کودەتا کۆتایی هێنانە بە بارودۆخی باو و هێنانە کایەی بارودۆخێکی نوێیە کە مەرج نییە لەوەی پێشووتر باشتر بێت. کودەتا پێش هەر شتێك پشت بە هێز دەبەستێت. دەبێت کودەتاچی بڕوای بە هێزی خۆی هەبێت بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات، بەڵام دیارە ئەمە بەو مانایە نایەت کە هێز یەکسان بکات بە زەبروزەنگ.

لەبەرئەوەی یەکێتی هەر بەتەنیا حیزب نییە، بەڵکو حکومەتیشە، بۆیە هەوڵی دەسەڵات گرتنەدەست لەڕێگەی هێزەوە (تەنانەت ئەگەر بێ بەکارهێنانی زەبرو زەنگیش بێت)، ڕەنگدانەوە و کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر کۆمەڵگە دەبێت.

عادەت وابووە، کودەتا چی بە دژە دیموکراسی و دژە ئازادی ناسراوە. بۆیە زۆر بەدوور دەزانرێت لەڕێی کردەی شۆڕشگێڕانە و کودەتاوە و بەتایبەتی لەم بارودۆخەی ئێستای کوردستان و عێراقدا و بەو پشتیوانیە گەورەیەی کە ناوەوە و دەرەوە لە شەخسی تاڵەبانی دەکەن، کەسێك بیری بۆ کاری لەو جۆرە بچێت.

٣. جیابوونەوە لە یەکێتی...

جیابوونەوەی بەرەی "ریفۆرم" لە یەکێتی، لە باشترین حاڵەتدا یەکێتی دەکاتە دوو بەش، کە هیچ کامیان توانای کێبڕکێی ڕکەبەرەکەیان، واتە پارتییان پێ ناکرێت.

لەسەر ئاستی ناوخۆ هەر جیابوونەوەیەك بەکارێکی بێزراو دادەنرێت و بەخیانەت لەو (ڕوباری خوێن)ە حساب دەکرێت کە لەلایەن خەڵکەوە بۆ یەکێتی ڕژاوە. مێژوو ئەوەمان پێدەڵێت کە جیابوونەوە لە یەکێتی هەمیشە پرۆسەیەکی خوێناوی و بەشێکی دانەبڕاوی شەڕی ناوخۆ بووە. سەرکردایەتی بەرەی "ریفۆرم" پێش هەر کەسێکی تر، زۆربەیان پاڵەوانی ئەو ئەزموونە تاڵو خوێناوییە بوون. بۆیە بیرکردنەوە لە جیابوونەوە یاریکردنە بە ئاگرێك کە نەك هەر کوژانەوەی، تەنانەت هەڵگیرساندنیشی مەرج نییە وەکو جاران ئاسان بێتە دەست.

٤. ڕێکەوتن...

گریمانە و ئەگەری چوارەم ڕێکەوتنی هەردوولا وکارکردنەوەی پێکەوەییە لەناو یەکێتیدا.

ئاشکراو ڕوونە ئەگەر بەرەی "ریفۆرم" بەهەمان هێزو گوڕو تینی پارساڵیان بمێننەوە و درز و کەلێن نەکەوێتە ڕیزەکانیانەوە، ئەوا هەوڵ دەدەن لەسەرێکەوە پارێزگاری دەستکەوتەکانی خۆیان لە فراوانکردنی دەسەڵاتی خۆیان و سنووردانانی دەسەڵاتی بەرامبەردا بکەن و لەسەرێکی تریشەوە و لەهەر جۆرە ڕێکەوتنێکی ئایندەدا (جائەوە لەڕێی کۆبوونەوەی دوو لایەنەکە یان لەڕێی بەستنی کۆنگرەوە بێت) بە پرەنسیپەکانی دانوستان یان بە تەوافوق مەرجەکانی خۆیان بەسەر لایەنی بەرامبەردا بسەپێنن. تەنیا لەمیانەی ڕێکەوتنێکی تەوافوقیشدا دەکرێت تارادەیەکی زۆر کێشەی (کەسی یەکەم) و خەلیفەی تاڵەبانی چارەسەر بکرێت.

تەوافوق چەمکێکی ئیداری/ سیاسییە و مەبەست لێی ڕێکەوتن و پێکەوە کارکردنی دوو لایەن یان زۆرترە، بێ پێشێلکردنی مافی هیچ لایەك. ئەم شێوە ڕێکەوتنە کە نەرمونیانی زۆر دەخوازێت، دواجار دەستەبەری مافی هەموو لایەنەکان دەکات.

بەڵام لە غیابی ریفۆرمێکی ڕاستەقینەدا و بەو مێژووە دوورو درێژەی کە سەرکردەکانی یەکێتی لەڕکەبەرایەتی یەکتردا سەرفیان کردووە، هاوسەنگی هێزەکان هەمیشە لەگۆڕاندا دەبن و بەو پێیەش کەس ناتوانێت بەشێوەیەکی وردو ڕۆشن پێشبینی ئەنجامەکانی ڕێکەوتنێکی لەو جۆرە بکات.

دواجار هەر کام لەم ئەگەرانە ببنە سەنگی مەحەك، یەکێتی لە ئێستاوە و بۆ داهاتوو، کێشمەکێشی دەسەڵات و کێشەی (کەسی یەکەم) بەرۆکی بەرنادات.

* * *

خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەم باهۆزێکی دیموکراتیزەکردنو ریفۆرمدایە. پاش ئەوروپای خۆرئاواو ئەوروپای خۆرهەڵات، ناوچەکەی ئێمە ڕووبەڕووی سێیەمین قۆناغی مێژوویی دیموکراتیزەکردنو ریفۆرمی هەمەلایەنە بۆتەوە. ئاشکرایە بەهۆی پشتیوانی بێ وێنەی کورد لە ئەمەریکاو دوژمنایەتی زۆری ئەمەریکا لەناوچەکەدا، ئەمەریکا تا ڕۆژی ئەمڕۆ لەئاست گەندەڵییەکانی سیستمی سیاسی ئێمە بێدەنگە. سەرەڕای بەرژەوەندییە ئابووریو ستراتیژییەکانی وەکو گەورەترین هێزی ئیمپریالی، ئەمەریکا کە بەشوێن دنیایەکی لیبراڵو شەفاف، سەدان هەزار سەربازی خۆی لە ناوچەکەی ئێمەدا خستۆتە باری جەنگەوەو ڕۆژانە سەدان هەزار دۆلار لەو پێناوەدا خەرج دەکات، ناکرێت تاسەر شەریکایەتی سیستمێکی گەندەڵ و دواکەوتوو بکات کە میللەتەکەی نوقمی تاریکی کردووەو سیستمی دەسەڵاتە سیاسییەکەی بەهەمان شێوەی سیستمە تۆتالیتاریستەکانی ئەوروپای خۆرهەڵاتی جاران حوکم دەکات. ریفۆرم هەر تەنیا کۆمەڵێك بڕیارو ڕووداوێکی ڕاگوزەر نییە، پرۆسەیە، پرۆسەیەکی درێژ خایان. لای ئێمە تا ئێستا ریفۆرم گفتوگۆیەکی جدی نەهێناوەتە ئاراوەو نەبۆتە پێشەسازیو دامودەزگای نییە.

ناکرێت گفتوگۆکردن لەسەر ریفۆرم هەر بەتەنیا لەناو ئەڵقە داخراوەکانی نوخبە سیاسیەکانی حیزبدا گیر بخوات. دەبێت خەڵك بەتایبەتیش ڕۆشنبیرانو تەکنۆکراتان لە دەرەوەی حیزب پرسو ڕایان پێ بکرێتو بوێرن بپەیڤن. ریفۆرم پێویستی بەتوێژینەوەی فرە ڕەهەندو ئیجتیهادی فکری لەباری کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری... هەیە. لە هەمووشی گرنگتر دۆزینەوەی مۆدێلێکە لەریفۆرم کەپێ بەپێی مۆدێلی گەندەڵییەکە گونجاو لەبارێت، چونکە هەروەکو چۆن دیموکراسی تەنیا یەك مۆدێل نییە، بەهەمان شێوە ریفۆرمیش مۆدێلی جیاجیایە. ناکرێت بەتووڕەییو بەمیزاج بەرگری لەریفۆرم یان دژایەتی ریفۆرم بکەین. دەبوا ئەو میتۆدو پلانانەی بۆ ریفۆرم هەن لە میدیاکانەوە و لەڕێی مێزگردو سیمینارەوە، نەك لە دنیای چەپەچپدا گفتوگۆیان لەسەر بکرێت.

ئەزموونی یەك ساڵی بانگەشەکردنی "ریفۆرم" ئەوەی بەڕوونی سەلماند کە ریفۆرم تەنیا بەچەند ئیجرائاتێکی شۆڕشگێڕانەو بەپاشماوەکانی عەقڵی شەڕی سارد ناگاتە مەرام. ریفۆرم پێویستی بەعەقڵی لاوو خۆشکردنی زەمینەیەکی دیموکراسیە. مەحاڵە بێ دیموکراتیزەکردن هیچ پرۆسەیەکی ریفۆرم بتوانێت گۆڕانکاری ڕیشەیی بەرەو هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیو شەفاف ئەنجام بدات.

لەم گەندەڵییەی کە هەموو پانتاییەکانی ژیانی کوردەواری تەنیوەو لەغیابی ریفۆرمێکی ڕاستەقینەدا، دوورنییە لەداهاتوودا دەسەڵاتی سیاسی کوردی ڕووبەڕووی شۆڕشێکی پرتەقاڵی ببێتەوە"٥".

پەراوێزەکان:

١.بڕوانە: خەبات، "لەچاوەڕوانی گۆدۆدا- دەربارەی ململانێکانی ناو (ی. ن. ك)"، **هاوڵاتی** ژمارە ١٩٧، ٢٠٠٤/١٠/٢٧.

٢.ئەم سەرباسە دەربارەی (ستاتۆی ریفۆرمیستەکان) لەوە زیاترە کە لێرەدا نووسراوە، لەبەرئەوەی هێشتا تارماییەکانی مەرگ، ئاسمانی ئەم دەڤەرەی بەرنەداوە، بەچاکم زانی چەندین ڕستەی بهاوێژمە دەرەوە.

٣. بڕوانە: www.reformbo.com

٤.ئەمە وای نەکردووە یەکێتی بەمیکانیزمەکانی دەسەڵاتی بنەماڵەیی کار نەکات، ڕاستیەکەی کارکردن بەمیکانیزمەکانی دەسەڵاتی بنەماڵەیی لەناو یەکێتیدا بەشێوەیەکی تر بەسەر چەند قوتبێکی دەسترۆیشتوودا دابەش بۆتەوە.

٥.مەبەست لە (شۆڕشی پرتەقاڵی). ئەو شۆڕشەیە کە پار ساڵ گەلی ئۆکرانیا دژی دیموکراسی درۆینەی (لوینید کۆچمە)ی سەرکۆمار بەشێوەیەکی هێمنانەو بەنەفەسێکی درێژو بەپشتیوانی ناڕاستەوخۆی خۆرئاوا دژ بەگەندەڵی دەسەڵات بەرپایان کردو سەرکەوتنیان بەدەستهێنا.